له سەروبەندی ئامادەکردن و سازدانی کۆنفرانسی بزووتنەوەی ڕیفراندۆمدا *

# ئایا بزووتنەوەی ڕیفراندۆم؛ هەرگیز ڕێکخراوێکی سەربەخۆ بووە؟

**سالار سۆفی**

هەڵوێستە نابەجێکانی ئەم دواییەی بزوتنەوەی ڕیفراندۆم, مقۆمقۆیەکی زۆری لە ناو چین و توێژەکانی کۆمەڵ بە گشتی و ڕۆشنبیران بە تایبەتی دروست کرد. لێرە و لەوێ دەبیستین و دەخوێنینەوە کە بزووتنەوەی ڕیفراندۆم, کەوتووەتە ژێر ڕکێفی حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانەوە و ئامانجەکانی بزوتنەوەکەی فەرامۆش کردووە. بەڵێ ئەمە دیوێکی مەترسیداری بزووتنەوەی ڕیفراندۆمە, بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە تەنها دیوە ڕووکەشەکەی بزووتنەوەی ڕیفراندۆمە. کەواتە دیوی ڕاستەقینەی بزووتنەوەکە چییە؟ ئاوڕدانەوەیەکی کەم لە مێژووی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم دیوی ڕاستەقینەی بزووتنەوەکەمان بۆ دەردەخات.

لە کەس شاراوە نییە کە بزووتنەوەی ڕیفراندۆم وەک ڕێکخراوێک, پاش داگیرسانی چرای سەوز لە لایەن ڕێکخراوی سەوزەوە سەری هەڵدا و بە پێی نەخشەیەکی داڕێژراوی سەرکردایەتی سیاسی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.

ئەم هەڵوێستە, هەرگیز وەک سیاسەتێکی مەبدەئی و بڕوابوون بە بزووتنەوەیەکی جەماوەری لە پێناوی سەپاندنی مافی ڕاپرسی بۆ گەلی کورد و بیرکردنەوە لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان نەبوو, بەڵکو لەپێناوی پاراستنی زیاتری بەرژەوەندییە حزبییەکان و نزیکبوونەوە لە ئامانجە بەرتەسکە ڕێکخراوەییەکاندا بیری لێ کرابووەوە.

سەرکردایەتی سیاسیی حزبەکان دەیانزانی کە هەر بزووتنەوەیەک, داواکاری مافی چارەی خۆ نووسین بەرز بکاتەوە, دەبێتە بزووتنەوەیەکی جەماوەریی مەزن و خاوەن توانایەکی مرۆیی بێوێنە, بۆیە بزووتنەوەی ڕیفراندۆم ئەو دارە سحرییە چاوەڕوانکراوە بوو کە لەمێژ بوو بۆی دەگەڕان.

دروستکردن و پاڵپشتیکردن و گەشەپێدانی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم, دوو مەبەستی گرنگی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستانی دەپێکا, یەکێکیان لە چووارچێوەی عێڕاقدا و ئەوی تریان لە چووارچێوەی کوردستاندا:

مەبەستی یەکەم لە ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم, لە لایەن یەکێتیی نیشتیمانی کوردستانەوە, بەکارهێنانی بوو وەک کارتێکی فشار, لە پێناوی دابینکردنی دەسکەوتی تایبەتی و حزبی زیاتر لە عێڕاقی عڕووبەدا. هەرچی مەبەستی دووهەم بوو, سەپاندنی ڕۆڵی حزبیی خۆی بوو, لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا, بەرانبەر بە نیوەکەی دووەمی دەسەڵاتی سیاسیی کوردی و ڕاکێشانی سەرنجی زۆرترین خەڵکی کوردستان و مانەوەی ئەم دەستپێشکەرییە وەک سەرکەوتنێکی حزبی و تۆمارکردنی وەک هەڵوێستێکی مێژوویش بۆ یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان. بەشدارییپێنەکردنی خەڵکی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دامەزراندنی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم و تەنانەت گفتوگۆنەکردنیش لەگەڵیاندا لەو بارەیەوە, بەڵگەیەکی ئاشکرای ئەم ڕاستییانەیە.

هەردوو حزب زۆر بە چاکی شارەزای یەکتر و گەمە سیاسییەکانی یەکترن, بۆیە ئاسان نەبوو پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم گۆڵە مێژووییەی لێ بکرێت.

حزبی زەرد, تا ئەو کاتەی مەرجەکانی خۆی بەسەر بزووتنەوەکە و لە ڕاستیدا بەسەر حزبی سەوزدا نەسەپاند, ڕێگای نەدا بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا هەناسە بدات و لە باشترین باردا چرای زەردی بۆ داگیرساند و لە چاوەڕوانیدا هێشتییەوە. بەڵگەیەکەی یەکلاکەرەوەی ئەم ڕاستییە ڕیگرتن لە کۆڕە شیعرییەکەی بەڕێز شێرکۆ بێکەسی شاعیر بوو لە هەولێر, کە مەترسی ئەوەی لێ کرابوو لە پەراوێزی کۆڕەکەدا باس لە بزووتنەوەی ڕیفراندۆم بکات و ببێتە هۆی تەقینەوە و گەشەکردنی بزووتنەوەکە لەو ناوچەیەدا و بەربوونەوەی گوریسەکە لەدەست پارتی دیموکراتی کوردستان.

ئەو کاتە, وەک وتمان بەهۆی شارەزایی هەردوو حزب لە گەمە سیاسییەکانی یەکتر, پ.د.ک گەشەکردنی بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا, بە ئاگرێک دەزانی کە بەردەبێتە خەرمانی سیاسیی و حزبیی پارتی.

بۆیە پاش پرۆسەیەکی دوور و درێژ و سازشێکی بەردەوامی نێوان هەردوو دەسەڵات وورده وورده گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی حزبیی لە نێوان خۆیاندا. دوواتریش لە کۆتایی ساڵی 2003 دا, لە شاری هەولێر, وەک برا و لە کۆنفرانسێکی ڕووکەشدا دەسەڵاتیان لەناو بزووتنەوەی ڕیفراندۆمدا دابەش کرد و پێکەوە بزووتنەوەکەیان کرد بە ئامرازێکی هاوبەشی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و دوواتریش دابەشکردنی دەسکەوتەکانی بزووتنەوەکە بەسەر هەردوو حزبدا.

جیاوازیی ئاستی چالاکیی بزووتنەوەکە لە قۆناغە جیاجیاکانی یەک ساڵی ڕابردوودا, بە ئاشکرا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هەر کاتێک, بەشی پارتی و یەکێتی لە گەمە سیاسییەکەی ئێڕاقدا بەرەو کەمبوونەوە چووە و ڕۆڵیان کاڵ بووەتەوە و بەرژەوەندییە حزبییەکانیان کەوتوونەتە مەترسییەوە و بەکورتی باریان کەوتووەتە لێژی, دارە سیحرییەکەیان دەرهێناوە و فوویەکی بەهێزیان بە بزووتنەوەی ڕیفراندۆمدا کردووە و لە گەلێک ڕووی مرۆیی و ڕێکخراوەیی و ڕاگەیاندن و تاد. هاوکارییان کردووە و تەنانەت سەرکردایەتی سیاسی هەدوو حزبیش لە ڕاگەیاندنەکانیاندا باسیان لێ کردووە و ناڕاستەوخۆ کردوویانە بە ئامرازێکی هەڕەشە و لە دانیشتن و کۆبوونەوە داخراوەکانیشیاندا لەگەڵ حزب و لایەنە عێڕاقی و بیانییەکاندا سازشیان لەسەر کردووە و دەسکەوتیان پێ وەرگرتووە.

کاتێکیش کە دەسکەوتە بەرتەسکە تایبەتییەکانیان پارێزراوە و چەند شرەکورسییەکیان لە دەسەڵاتی ناوەندیی عێڕاقی عرووبەدا پێ بەخشراوە, بزووتنەوەکەیان هێور کردووەتەوە و نینۆکیان کردووە, بێ ئەوەی لە یادیان بچێت بۆ قۆناغێکی تری خەباتی حزبییان و بۆ ڕۆژەڕەشێکی تریان هەڵی بگرن.

کەواتە نەک هەر ئێستا و پاش ئاشکرابوونی هەڵوێستەکان, بەڵکو هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە, بزووتنەوەی ڕیفراندۆم و تەنانەت بناغەی بیرۆکەی ڕێکخراوەکەش,

پڕۆژەیەکی حزبی بووە و نە لە دوور و نە لە نزیک, پەیوەندی بە مافەکانی گەلی کورد لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانەوە نەبووە. ئەی کەواتە, خەڵکانی سەربەخۆ, لە پێناوی چیدا خۆیان لەم پڕۆژە حزبییە ئالاندووە و ناڕاستەوخۆ وەک ئەندامێکی چالاکی حزبەکان کار دەکەن و خزمەت بە بەرژەوەندییە بەرتەسکەکانی هەردوو حزبی دەسەلاتدار دەکەن؟!!!

---

* زنجیرە وتارێکی ڕەخنەگرانەیە, لە سەروبەندی ئامادەکردن و سازدانی کۆنفرانسی ( بزووتنەوەی ڕیفراندۆم )دا, بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان و خاڵخستنە سەر پیتەکان و پشتیوانی لە مافی ڕاپرسی بۆ گەلی کورد و لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان. 2005/01
rengistan@yahoo.com

---